# جیاوازییە ڕەگەزییەکان لە شیعردا

## خوێندنەوەی شیعری "گۆڕستانێکی ئازاد"ی بەرزان هەستیار

ئارام سدیق

سەرەتا

شیعر لەگەڵ گۆڕانە گەورەکانی دنیادا گۆڕانی گەورەش لەوەزیفەیدا ڕوویداوە بەو پێیەی ئەرکی شیعر لە ئێستادا جیاوازە لەئەرکی شیعر لەسەدەیەک لەمەوبەر. ئەگەر شیعر لای (بێکەس، قانع، ئەحمەد موختارجاف و موفتی پێنجوێنی) پەیامی وشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی بووە، ئەوا ئەمڕۆ وەزیفەی جیاوازترو گەورەتری هەیە. هەر بۆیە زۆرجار لەزۆربەی شیعری ئەو شاعیرانەدا ئەوەندەی هەست بە دروشم دەکەین  ئەوەندە هەست بە شیعریەت ناکەین، یان ئەوەندەی ویستویانە بەزمانێکی سادە ئەو مەبەستە دەربڕن کە خواستویانە، ئەوەندەی سەرقاڵی بەلاغەتی شیعری نەبوون، یان خەمی گەورەیان بەلاغەتی شیعری نەبووە، کە ئەمەش ڕەندانەوەی لە بەشێکی شیعرەکانیاندا هەیە، بەڵام ئەفزەڵیەتی نەدراوەتێ لەکاتێکدا لەسەردەمی قوتابخانەی شیعری بابان ودواتریشدا بەلاغەتێکی زۆر لەشیعری کوردیدا دەبینرێت.

هەروەها وەزیفەی شیعر لەحەفتاکان وهەشتاکانی سەدەی ڕابردوووشدا دیسان هەمان وەزیفەی سەردەمی(بێکەس، قانع، ئەحمەد موختارجاف و موفتی پێنجوێنی) هەبووە، بەڵام بەشێوازی تر کەلەو سەردەمەدا تەرزێکی سیاسی، یان شۆڕشگێری باڵی بەسەر شیعری کوردیدا گرتبوو. بەڵام لەئێستادا شیعر ئەو وەزیفەی نییە، بەڵکو وەزیفەی ئەوەیە کێشە فەردییەکان بخاتەڕوو، ئەو کێشانەی کەلە دونیای ئەمرۆدا بەربڵاون. بێگومان مەبەست لە کێشە فەردییەکان، ئەو کێشانە نین کە تاکێک خاوەنییەتیو لە سنووری (دەردەدڵ)دایە، بەڵکو من لێرەدا مەبەستم لەو کێشانەیە کە بە شێوەیەکی گشتی تاکی سەرقالڕ کردووە، نەک تەنها تاکێکی دیاریکراو. بەرزان هەستیار لەئێستادا نموونەی ئەو شاعیرانەیە کە

هەم دەنگێکی تایبەت و جیای شیعری کوردییە، هەم لەسەر ئەو کێشە خودیانەی مرۆڤ دەنوسێت کە کێشەی زۆر گەورەن وئەو لەتێکستی زۆر ناسکو لەوێنەی جواندا دەیانخاتەڕوو.

شیعرو کێشە خودیەکان

ئەگەرچی شیعر ئەوەندەی گوزارشت لەناخی شاعیر دەکات، ئەوەندە کاریگەری دەوروبەر نییە لەسەری، بەڵام شاعیر ئەو کاتەی تەواو تەسلیمی خودی خۆی بوو دەبێتە شاعیرێکی دۆڕاو، یان (دەردەدڵنووس)، بەڵام ئەوکاتەی تەسلیمی(مرۆڤ) بوو بەهەموو ئازارو خۆشی ودەردەکانییەوە، ئەو کاتە دەتوانی شاعیرێکی نەمربێت. ئەوەی (ئیلیوت) لە (وێرانە خاک)دا نوسیویەتی خەمی تەنها خۆی نییە وەک شاعیر، بەڵکو خەمی تەواوی مرۆڤێکە. واتە (وێرانە خاک) ئەوەندەی هەڵگری ئازارێکی دەستە جەمعیە، ئەوەندە ئازارێکی فەردانەی لەخۆیدا چڕنەکردۆتەوە. ئەگەرچی لەوەش بەدەر نییە، بەڵام خەمەکانی نێو تێکست خەمی گشتینو لەسنووری دەردەدڵدا نین. هەروەها(دەربەندی پەپوولە)و(کورسی)ی شێرکۆ بێکەسیش ئەوەندەی هەڵگری ئازارێکی دەستە جەمعیە ئەوەندە گوزارشت لە خودی شاعیر ناکات، بێگومان ئەم قسانە بۆ سفرکردنەوەی رۆڵی شاعیر نییە لەخوڵقاندنی دەقدا، چونکە دواجار شاعیر خالقی شیعرە. ئەم قسانە بۆ ئەوەیە کە ئەو دەقانەی (زاکیرەی کۆ)، یان "دەستەجەمعی" دەیان نووسێتەوە دەقی گشتیرو نەمرترن، کە بێگومان وەک هەموو شتێکی تر لەم بارەیەشەوە من بڕوام بە رێژیبوونی ئەم حاڵەتە هەیە.

بەرزان هەستیار لەدوای دیوانی(نەوەک پیرە منداڵ)ەوە هەوڵی فراونکردنی فەزای شیعری داوە وپاشان لەدیوانی (بەتەنیشت فەنابوونەوە) سەرەتای ئەو ئەزموونەمان بینی، بەڵام لەپاش ئەو دیوانەشەوە، ئەو شیعرانەی بڵاوی کردوونەتەوە بەدەر لە(ساڵێک لەنیگەرانی) کەئەمەیان ئەزموونێکی تایبەتتری بەرزانە، هەڵگری کێشە خودیەکانی ناخی مرۆڤن، ئەو کێشانەی کە خوڵقێنراوی

دنیای تازەن ومرۆڤ لەنێو ئەو فەزا قەرەباڵغەدا تەنیا دەکات و تاهەست بەبێزاری ونامۆی بکات وبگاتە ئەوەی هیوا بۆ هاورێبوونی مەرگ بخوازێت.

گۆرستانێکی ئازاد، یەکێکە لەو شیعرانەی بەرزان هەستیار کەتاڕادەیەکی زۆر شۆربۆتەوە بەناخی کێشە خودیەکانی(پیاو )داو شاعیر دەیەوێت لەو شیعرەدا قسە لەو جیاوازیە سروشتیانەی نێوان هەردوو رەگەز بکات بەوەی(پیاو ) بەردەوام دەستی لەئاشوبو شەڕدا هەیەو دەریاکان بەخوێن سوردەکات، کەچی(ژن) دەیەوێت ئاشتی بۆماڵەکان فەراهەم بکات. شاعیر سەرکۆنەی رەگەزەکەی خۆی دەکات کەدەستیان لە سوتاندنی باخەکاندا هەیەو دەست بەرداری تفەنگەکان نابن.

پیاوی کوردی زۆر بەکەمی دان بەو راستیەدا دەنێت کەسروشتی وپێکهاتەی بەدەنی(نێر ومی) جیاوازەو وەزیفەی هەر یەکێکیشیان لەسەر زەوی جیاوازە. پیاوی رۆژهەڵاتی بەگشتیو پیاوی کورد بەتایبەتی نایەوێت گوێی لەو راستیە سادەبێت کە ژن لەسروشتیدا هەڵگری نەرم ونیانی وئاشتیخوازیە وپیاو ئەو هێزە لەبەنیدایە کەمترە، کەئەمە نەنگی نییە بۆ پیاو، بەڵکو سروشتی پێکهاتەی وەهایە، هەروەها نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت کەکۆمەڵگەو دەوروبەر کاریگەری بەر چاو لەسەر هەردوو رەگەز دروست دەکەنو زۆرجار پێکهاتەی سروشتی رەگەزەکان گۆڕانی بەسەردا دێت. بەرزان لەم شیعرەدا لەشەڕدایە لەگەڵ هێزی نێرایەتی خۆیدا و بەرگری لە(ئەو) می دەکات.

ئەوەی بەرزان لەم شیعرەدا دەیخاتەڕوو تەنها دەردەڵی خۆی نییە، بەڵکو کێشەیەکی گەورەی نێو ناخی تاکی کوردە، کێشەیەک کە تا ئێستا لە سنوورێکی دیاریکراودا تێنەپەڕیوە.

لێکچوون وجیاوازیەکان

ئێمە لەم نوسینەدا هەوڵ دەدەین لەرووی کۆمەڵناسیەوە لەسەر ئەم شیعرە بوەستین دەنالەرووی فۆرم تەکنیکی نوسینەوە درێژە پێدەری هەمان ئەزموونی بەرزانەو شتێکی ئەوتۆو نوێی تێدا نییە کە شایانی لەسەر وەستان بێت. لەم شیعرەدا بەرزان کێشەیەکی گەورەی نێوان هەردوو رەگەزی خستۆتەروو، کە(لێکچوون وجیاوازیەکان) ی نێوان(نێرو مێیە). بەرزان دەنووسێت:

تۆ، بەیانیان، خۆت بەئاودانی شەتڵەکانی..

ئەوینەوە خەریک دەکەیت و

ئێمە، لەو لاوە، ئاو لەدێرەکانی موحیبەت ئەبرین..

شاعیر خۆی وەک پیاوێک دەناسێنێت، کەقسە بۆ(ژن) دەکات لەم سی دێرەی سەرەوەشدا مەبەستی لەو(تۆ)یە ژنە. ئیشی ئەم دوو رەگەزە وەک لە رووکەشی شیعرەکەدا دەردەکەوێت جیاوازو دژ بەیەکە، بەڵام لەجەوهەردا هەردوو رەگەز یەک وەزیفەیان هەیەو دیلی دەستی کولتورێکن کەسیخناخە بەتوندوتیژی وچەسانەوەی تاکەکان. واتە ئەگەر مێینە بەدەستی
رەگەزی(نێرەوە) دیل بێت وئازادیەکانی سنوردار کرابێت وخاڵی جیاوازو دژی هەر

دوورەگەز لەبازنەی(ئازاد ودیلبووندا) بخولێتەوە، وەک لەشیعرەکەی بەرزاندا خراوەتەڕوو. ئەوا لەجەوهەردا هەردوو رەگەز هاودەردن بەوەی پێکەوە دیلی کولتورێکی داخراون. واتە بازنەی گەورەی ژیانی ئەو دوو رەگەزە فەزای دیلبوونی کولتوریدا دەخولێتەوە.

لێرەدا ئەوە بەتەواوی روونده‌بێتەوە ئەوەی لەرووکەشی شیعرەکەدایە ئەوەیە پیاو رێگرە لەبەردەم ئازاد بوونی ئافرەت ولەهەموو هەوڵێکدا رێگری دەکات، بەڵام لەرووکاری نهێنی شیعرەکەدا هەردوو رەگەز رێگرێکی گەورەتر لەبەردەم ئازادیاندا هەیە کەئەویش کولتورە داخراوەکەیە تادەگاتە ئەوەی بەرزان لە کۆتایی شیعرەکەدا بنوسێت:

ئەی ژن، گوناهە...

چیتر، بۆ میوەی درەختی هیچ خۆزگەیەک دەست بگێریتەوە

کەئێمەی پیاو بتوانین هێندە سەخی تەبیعە بین..

هەموو کەونت بۆ بکەین بەگۆرستانێکی ئازاد!!

لەم دێرەی سەرەوەدا بەرزان ئەوەی خستۆتە رووکەژن لەکولتوری کوردیدا دیلەتا ئەوکاتەی دەگاتە گۆرستان، ئەوسا بەئازادی شاد دەبێت. ئەم شیعرە وەک لەسەرەوەش ئاماژەیەکی خێرام پێدا لەڕووکەشدا جیاوازییەکانی هەردوو رەگەز دەخاتەڕوو، بەڵام لە جەوهەرداو لەکۆمەڵگەی کوردیدا لێکچوونێک بەدی دەکرێت کە ئەویش دیلبوونی هەردوو رەگەزە بەدەست داخراوی کولتووری کوردییەوە.

پرسیاری بەرزان لە گۆڕستانێکی ئازاددا

ئەگەر دەقێک هەڵگری پرسیارێک نەبێت دەقێکی مردووە، هەمیشە ئەو دەقانەی کە نەمریان بۆ خۆیان دەستەمۆکردووە ئەو دەقانەبوون کە پرسیاری جیدییان هەبووەو زۆرجار زیاد لە پرسیارێکیش لە دەقێکدا تەرح کراوە. لە ئێستادا دەیان دەقی کوردی  زیاتریش بەهۆی نەبوونی پرسیارەوە ناتوانن لە گۆشەیەکەوە چێژێک ببەخشنە خوێنەر، کە ئەمەش لە زۆر ئاستدا خوێنەری کوردی لە دەقی کوردی تاراندووە. دەقەکانی بەرزان هەستیار بەم دەقەشەوە کە ئێمە لێی دەدوێین هەمیشە هەڵگری پرسیاربوونو زۆرجار پرسیاری فەلسەفیشیان لە خۆگرتووە. من لە چەند نووسینێکی تردا لەسەر بەرزان ئاماژەم بە چەند لایەنێکی تری شیعرەکانی ئەم شاعیرە داوەو لێرەدا دووبارەیان ناکەمەوە. ئەوەی لێرەدا گرنگە لەسەر بوەستین ئەوەیە کە پرسیاری بەرزان لە شیعری (لە گۆڕستانێکی ئازاد)دا چییە؟ ئایا پرسیارێکی دووبارەیە یان نوێ؟

رۆلان بارت پێی وایە دەق نەبۆ کۆنترۆڵکردنەو نەبۆ بەکاربردنە، بەڵکو هەوڵدانە بۆ خۆوالآکردن. لای بەرزانیش شیعر هەوڵدانە بۆ خۆوالآکردنو شۆڕبوونەوە بەناخی خۆدا، بەڵام ئەمەش تەنها لە سنوورێکی تەسکدا نەماوەتەوە وەک لە پێشتریش ئاماژەمپێدا بەڵکو ئەو کە ناخی خۆدا شۆڕدەبێتەوە هاوکات بەناخی مرۆڤیشدا بەگشتی شۆڕدەبێتەوە، بە واتایەکی تر خەمەکانی بەرزان لە نێو دەقەکانیدا خەمێکی محەلی نییە، بەڵکو خەمێکی گشتییە، کە ڕەگەکەی لەناخی شاعیردایە وەک پێشتریش گوتمان چونکە خالقی دەقە.

دەکرێت لەبارەی پرسیاری سەرەکی ئەم شیعرەی بەرزانەوە بڵێن ئەم شیعرە هەوڵدانە بۆ خستنەڕووی پرسیاری پاشکۆبوونی ژنو چەوساندنەوەی لە کۆمەڵگە رۆژهەلآتییەکان بەگشتیو کۆمەڵگەی کوردی بەتایبەتی، هاوکات دەکرێت ئەوەش بخەینەڕوو کە شیعرەکە دەیەوێت ئەو لایەنەش بخاتەڕوو کە پێکهاتەی فسیۆلۆژی ژن ئاشتیخوازیو ژیاندۆستییەو پیاو شەڕانگێزو ئاشوبخوازە. هەروەها پرسیاری جەوهەری و گرنگی ئەم شیعرە لە دوا دێڕی شیعرەکەدایە کە شاعیر نووسیوەیەتی "هەموو کەونت بۆ بکەین بە گۆڕستانێکی ئازاد". لێرەوە تێدەگەین مێینەی کوردی ئازادی لەلایەن رەگەزی بەرامبەرەوە قورغکراوە، بۆیە کەونی بۆ کراوەتە گۆڕستانێکی ئازاد. واتە ئازادی مێینە ئەوکاتە دەست پێدەکات کە لە بووندا نەماوە.

ئەم پرسیارانەی بەرزان نوێ نین، بەڵام ئەوەی نوێیە ئەوەیە کە بەرزان لەم شیعرەداو بەزمانی خۆی دانی بەوەدا ناوە کە بارودۆخی ئافرەت بەو شێوە ناهەموارەیە، پیاو بەردەوام لە تێکشکاندنی سمبولەکانی ئاشتیو ئارامیدایەو ژنیش دەیەوێت باخی ئەوین ئاو بداتو ئاشتیو ئارامی بۆ کەون دەستەبەر بکات. نوێبوونی ئەم دەقە لەوەدایە کە بەدەگمەن هەست بە رووخاندنی ئەو دیوارە نێرجسیەتەی پیاوکراوە لە دەقی کوردیدا. پێشتر لای شێرکۆ بێکەسو چەند شاعیرێکی تر لەرێی گەمەکانی زمانەوە خەمەکانی مێینە خراوەتەڕوو، بەڵام

ئەمجارە بەرزان دانی بەوەدا ناوە کە هەموو ئاشووبەکان، دەستی پیاوی تێدایەو هەر ئەو گۆڕستانی بۆ مێینەکان دروست کردووە، بەڵام گۆڕستانێکی ئازاد.

لۆرانس پیرین لە کتێبی شیعر چییەدا دەنوسێت: شیعر دەبێت ڕەهەندی هەستو نەستو ڕەهەندی خەیاڵیش بۆ ڕەهەندی ئەقڵانی زیاد بکات. بەرزانیش هەموو ئەو ڕەهەندانەی کە "پیرین" باسی دەکات لەم شیعرەدا چڕکردۆتەوە، کە هێزێکی بەخشیوەتە دەقەکە تا زیاد لە خوێندنەوەیەکی بۆ بکرێتو زیاد لە ڕوانگەیەکەوە لێی بڕوانرێت، بۆیە دەکرێت ئەم سەرنجەی ئێمەش لەسەر ئەم شیعرە وەک دوا خوێندنەوە تەماشا نەکرێت.

بەرلەکۆتایی

بەرلەوەی دواخاڵێک بۆ ئەم نووسینە دابنێم دەمەوێت قسەیەکی "سەباح ڕەنجدەر"ی شاعیر بهێنمەوە لەبارەی شیعری ڕاستەقینەوە کە دەڵێت: شیعری ڕاستەقینە جەستەیەکی تەواوە، خانەکانی جەستەی مرۆڤ چەندە پەیوەندیا پێکەوە هەیەو وزەیان دەڕژێنە ناو یەکترییەوە، هونەرەکانی شیعریش زیاتر هەڵدەڕژێنە ناو یەکو شیعرییەت لە جەستەی دەقدا پێکدێنن. ئەم قسەیەی کاک سەباح بەڕای من تەواو دێتەوە لەگەڵ هەموو ئەو دەقانەی کە هەڵگری پرسیارنو پەیامیان هەیە. چونکە ئەگەر دەقێک پەیامی نەبوو، دەقێکی مردووە. ئەم دەقەی بەرزانیش لەو دەقانەیە زیاد لە پەیامێکو زیاد لە تەفسیرێک هەڵدەگرێت. ئەوەی سەرنجی منیشی ڕاکێشاوە ئەو فرە پەیامیو فرەپرسیارییەی بووە تا ئەم خوێندنەوە کورتە بخەمەڕوو.

1-بەرزان هەستیار، گۆڕستانێکی ئازاد، شیعر، گۆڤاری هەنار ژمارە (30) یۆلیۆی (2008) لەبڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرێتی چاپوبڵاوکردنەوەی سلێمانی.

2-سەباح رەنجدەر، مردوویەک ئاگای لە هەموان، شیعر، بڵاوکراوەی ئایندە، دەزگای چاپوپەخشی سەردەم ساڵی (2008).

3- لۆرانس پیرین، شیعر چییە؟ وەرگێڕانی ئەبوبەکر خۆشناو، لە بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان- سلێمانی ساڵی 2008 .